# ئاگاداری لە ناوەندی کوردی زوتەرمیر بۆ ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە:

بەرێزان خوشکان ، برایان، لە هەرکوێیەکن لە هۆڵەندا،

**ئەگەرچی تەمەنی ناوەندەکەمان خۆی لە دوو ساڵ و چەند مانگێک دەدا، بەڵام هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا ناوەندەکەمان بیری لەو ئەرکە نەتەوەییە کردۆتەوە، کەوا لە ڕێگای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ساڵانە وەک ڕێوڕەسمێک هەم بۆ ناساندنی کورد و ئازارەکانی بە خەڵکی ئەم شارە، هەم بۆ بەزیندو هێشتنەوەی ئەو مەرگەساتەش لە بیر و یادی نەوەی تازەی کورد لە هەندەران و هەوڵێکیش بێت بۆ پەیداکردنی دۆست و هاوپەیمان لە پێناو ڕیگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتە کۆمەڵکوژیانە، چ لە کوردستان چ لە سەر ئاستی جیهاندا، لە 16 /2007/01 بەڕەسمی جارێکی تر داوامان لە خمێنتەی شاری زوتەرمیر کرد، کەوا بۆ ئیمساڵیش مۆڵەتی یادکردنەوەمان بداتێ، بەخۆشحالیەوە ئەوە بوو لە 2007/01/22 بە ئەرێنی وەڵامیان داینەوە، بۆیە ئاگاداری سەرجەم رەهەند و ڕێکخراوە کوردی و غەیرە کوردیەکان لە هۆڵەندا دەکەینەوە، کەوا لە ڕۆژی شەممە 2007/03/17 لە سەعات 13.00 تا 16.00 لە گۆڕەپانی Promenadeplein کە دەکەوێتە ناو سەنترۆمی شاری Zoetermeer، ئامادەبن،بۆ نمایشکردنی هەندێ چالاکی و ڕێپیوانێکی هێمنانە.**

**بە هاتن و بەشداریتان گیانی شەهیدەکانمان ئارام دەکەن و دەنگێکیش دەبن بۆ زیاتر ناساندنی کورد و دژایەتی کردنی لە ناوبردنی نەژادی و کۆمەڵکوژی لە جیهاندا، کە ئیمڕۆ ئەم پەیامە دروشم و پەیامی گەشاوە و شانازی پێکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هاوچەرخە.**

**بە هیوای دیدارتانین لەم کات و شوێنەدا.... هەر بژین و شاد و بەختەوەر بن.**

**ناوەندی کوردی زوتەرمیر**

2007/01/30